# زندگینامه مولوی

عمر فاروقی

سپاس بو خوای گەورە و میری مەزن کە شاری سەقزی سەر بەرز واتە شاری صادق محمد سقزی و ابو المواهب کردی و شیخانی بست و ملك‌الکلام و قـاضی کـوثر و ضیائی و دەیان شاعیر و ئەدیبی گەورە وە شاری گلکوی هاوری و رفیقی مەولەوی واتە حاجی شیخ مصطفی جوانروی‌ی قـدس‌سرە بـوەتە جـیگای پـیك هـاتنی کـونگرەی مەولەوی و لەم هەل‌و مەرجەدا زانایان ولی کولەران لە سەر شیعر و بەسەرهاتی مەولەوی و بابەتە جوربەجورەکانی ژیانی ئەو عارفە مەزنەی کورد گوت و بیژ دەکەن.

هەر ئیستا ئەوانە چاوی حەقیقەت بینیان هەیە دەبینن کە روحی بـەرزی مـەولەوی پاش تەوافی گلکوی مەولا و مورشیدی خوی واتە حەزرەتی شیخ حەسەنی مەولاناوا و دیداری هاو خەلیفە و دوستی خوی واتە حاجی شیخ مصطفی نقشبندی، لەم کـورەدا حازرە و نازری ئیمەیە.

وە نەبی مەولەوی یەکەم عارف و ئـاخرین شـاعیری عـارفی کـورد بـوبیت. ئـەمە مەبەستیکە کە دەبی ئازیزانی غەیرەکوردی ئیمە واتە نەتەوەکانی ئیران بزانن. چونکا ئیمە بەر لە مەولەوی و دەیان سال و سەدان سال بەر لەو سورە بەردیمان بوەکە ئیوە پی دەلین سهروردی و شیخ اشراق. وە هەر وا ئیمە شیخ ئەحمەدی جەزیریمان بوەکـە شـانی لە شانی مەلای رومی داوە و بە مەلای جەزیری ناو بانگی دەر کردووە ئەمجار ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کویە و مەلا مارفی نەودیهی و مەلا عەبدولای بی‌توشیمان بوەکە شوینەواری بەرزیان بونەتە ئەستیرەی پرشنگ‌دار و پر ورشـە ورشـی هـەتا هـەتائی لە

دونیای عیلم و ئەدەب و زانستی ئیسلامی و کومەلایەتیدا. هەر لەو دەمەی کـە جـم و جولی عیرفانی و ئەدەبی کەوتە کوردستان و ماموستای پایەبەرزی ئەدەب و عیرفان واتە حەزرەتی مەولانا خالید حەرەکەتی خوی دەست پـیکرد و تـەشریفی مـوبارەکـی لە سولەیمانی بەرەو دیهلی لە هیندوستان موهاجیرەتی کرد حەزرەتی شیخ مارفی نەودیهی دەیان بەرگ کتیبی لە عیلم و عیرفان و ئەدەبدا دانا بوو بو یەکەم جار خود ئـاموزی کوردی و عەرەبی بە ناوی (ئەحمەدی) دانا و لە نەسلی ئەو شیخ و مورشید و خواناسی گەورە وەکو حاجی کاك ئەحمەدی سولەیمانی ئیمامی گەورەی عیرفان قدس‌سرەالعزیز هاتە دونیا کە مەولەوی و باقی ئەوانەی لەگەل ئەو بوون لە بەرانبەر عیلم و کەمالات و عیرفانی حاجی کاك ئەحمەددا وەکو میشولە وا بوون لە بەرانبەری قوللەی قافا.

بەلام هەر چون بی مەولەویش روباریکە لەو بەحرانە. ئەویش روباریکە، کە لە سەر ریگای خویدا هەتا هەتایە ئاودیری چاوو دلی خـوانـاسان و ئـەوینداران و ئـوگرانـی عیرفان و ئەدەب دەکات.

کاتی ناوی مەعدوم یا مەولەوی دەبەین ناتوانین خومان لەو مەیدان و گورە پانەی لادەین کە ئاواها ئینسانیکی پەروەردەکرد. ناتوانین چاو لەو هەوا و هەرد و خورە تاو و بەفراوە بقونجینین کە ئاواها گولالەیکی خولقاندوە و بـەدی هـاوردوە دیـارە خـالیقی هەموان خودایە و هەمومان ئینسانین و هەر لە ئەزەلەوە خودای گەورە هەمومانی وەکو یەك خولقاندووە، بەلام زۆر مرۆڤ هەن ئەدەن رۆح و گیانی خویان پەروەردەکەن و پلەی عیلم و زانستیان بەرنە سەر و خویان زیاتر بە خودا نزیك کەنەوە و بە داخەوە هینی یەکجار فراوان و زوریش هەن کە هەمو ئامانجی ژیانیان بوتە ئەوەی کە نانیك و جیگای خەویك پەیداکەن و چاوە نواری گەیشتنی فریشتەی مەرگ بن و بو ئەم چەشنە ژیانەش زور شتی نالەبار قەبول ئەکەن.

جا ئەوەی دەیەویت خوی بگەینیتە کەشفی نهینیەکانی ژیان و هەست و ئیحساسی خوی پەروەردەکات نیازی بە ئوستاد هەیە و ئەم ئوستادە کە ریازەتی کیشاوە و خوی

گەیاندوەتە سەر لوتکەی کەژو چیای کەمال دەبێتە مورشید و موردای ئەو تالبە، کە ناوی موریدە. ئەمەیش ریگاییکە پر لە هەوراز و هەلدیر و بەلەدیکی دەوی تاکوریبواری ریگای سەوزی عیرفان ری نوین بکات و لەو پرد و کەل و بوار و تەنگە بەریە بی‌پەرینیتەوە و بیباتە ئەو مەکانەی کە هیلانەی شاباز و هوما و سیمورغ و بازەو ئەمجار لەویدا بە ئاوینەی ئیدراکی بیرو دل و گیان لە ناخی کائینات بروانیت و بو خوی وەکو تەیریکی بال سوك و ئاسودە لە تەنگ و چەلەمەی ژیان و ناکوکیەکانی جیهانی ماددی رزگار بکات و بگاتە قوناخی پیروزی فەنافی‌الله.

ئەلبەت بو پەروەردە بوون لە ئاوا هامەیدانیکدا مەولەوی بو خوی ئامادەگی بو چوونکا ئەو لە بنەمالەی زانیاران و ساداتی مەزنی کوردستان بو و خانەوادەی ئەو دەیان سال خزمەتی عیلم و عیرفانی کرد بو.

مەولەوی لە نەسلی پیر خدری شاهویە لە نەسلی سید محمدی زاهید و لە ئەولادانی عالم و زانا و بلیمەتی مەزنی کورد واتە ملا ابوبکر مصنفە و بەگویرەی شەجەرەنامەی باوەر پی کراو سەیدیکی حوسەینی واتە لە نەسلی حەزرەتی حوسەین بوە کە سەلامی خوای لەسەر بی.

باوکی ناوی مەلا سەعید نەوەی مەلا یوسف جان بوە و خوی لە سالی ١٢٢١ی کۆچی‌ی مانگی لە گوندی سەرشانەی ناوچەی تاوەگوزی هەلەبجەی شەهید هاتوەتە دونیا و لە خزمەت باوکیا خەریکی خویندن بوە.

سید عبدالرحیم لە حوجرەی فەقیکاندا لەگەل شیعر و ئەدەبی کوردیدا ئاشنا بوە و بە تایبەت لەو کاتەدا شیعرەکانی شیخ حەسەنی مەولاناوا زانا و عالمی گەورەی عەهدی ئەفشاریە و زەندیەکە دەست نوس کرا بوون و حوجرە بە حوجرە دەگەران کاری تی کردوە و درگای شیعری عیرفانی بو ئاوەلە کرد ئەمجار وەکو ئەزانین حەزرەتی مەولانا لە سولەیمانی بەرەو ئیران هات و چوە سەر مەزاری حەزرەتی بایەزیدی بەسطامی و حەزرەتی ئیمام رەزا لە خوراسان و لە ریگای ئەفغانستانۆ چوە دیهلی و لە خزمەتی

حەزرەتی شاه عبداله دیهلەوی قدس‌سره خرقەی مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرت و پاش ئەوەگەرایەوە بو کوردستان و خانەقای تەریقەتی خوی دانا و دەیان خواناس و عالم و ئەدیبی کورد وەکو پەروانە لە دەوری شەمعی وجودی موبارەکی کو بونەوە.

حەزرەتی مەولانا لەگەل ئەوەی‌کە شیخ و مورشیدی بەحەق بو، بە شاعیریکی هەرە بەرز و لی زان دەناسراکە بە زمانەکانی فارسی و کوردی و عەرەبی قەسائید و غەزەلليات و هەلبەستی گوناگونی داناوە.

سەرنجیکی هونراوەی مەولانا بە زوانی فارسی بو بارەگای حەزرەتی ئیمام رەزا لە مەشهەد پیمان دەسەلمینیت‌کە ئەو زاتە تا چ رادە بە سەر شیعر و ئەدەبی فارسی‌دا زال بوە. هەر وا موناجاتی حەزرەتی مەولانا بە زوانی کوردی‌کە ئیستاش زیکری دەرویشان و سرودی خواناسانە بو لی زانی ئەو لە شیعری کوردی‌دا کیفایەت دەکات. جاکاتی مورشید و مەولای وەکو خالید ئاوا شیعر و ئەدەب بکاتە ئامراز وکەرەسەی بەکەلك و بە سود و قازانج بو نزیك بونەوە بە خوا و بو تەوسیفی زاتی ئیلاهی و مەدحی پیغەمبەری خوشەویسی خودا و بەیانی دەردی هیجرانی روح لە قالبی لەشی خاکیدا دیارە موریدەکانی ئەو مورادەیش دەبی لەکاری ئەو دەرس وەرگرن.

یەکی لە موریدەکانی مەولاناکە ئیجازەی ئیرشاد و خەلافەتی دراوەتی و لە کوردستان‌دا خانەقای داناوە حەزرەتی شیخ عوسمانی سیراجەدین (قدس‌سره) بوە. شیخ عوسمان پاش ریازەت‌کیشان و وەرگرتنی ئیزنی ئیرشاد لە بیارە و تەویلە خانەقای دانا و هەمو ئوگرانی عیلم و عیرفان لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی لە دەوری ئەو زاتە موبارەکەکو بونەوە. بو وینە لە سوریە، تورکیە، ئەفغانستان، پاکستان، ئەلجەزایر، عەرەبستان، یەمەن و زور شوینی‌تر و ئەوین دارانی عیلم و عیرفان لە خانەقای بیارە و تەویلەدا دەستیان دایە فیر بوونی عیلم وکەمالات حەزرەتی شیخ عوسمانیش بو خوی شاعیر و ئەدیبیکی گەورە بوکە ئەمروکە شیعری کوردی و فارسی فراوانی لە دوا بە جی

ماوه. جا سید عبدالرحیم کە مەندکێشی ئەم زاتە بو و لە ماوەییکی کەمدا بو بە پەپولە و لە دەوری جەمالی حەزرەتی شیخ دانیشت ئەمرو کە سەرنجیکی دیوانی ئەو پیشان ئەدات کە بە سوزترین شیعرەکانی بو شیخ عوسمان داناوە بو وینە ئەم هەلبەستە:

رەفیق مەحرەم عیجز و سروورم | حەکیمەکەی ئیش زام ناسورم
ئاو یارەکەی سەوزەی ئارەزوم | دانا بەگەردین راز کونە و نوم
دەماخ و نەشئەی سەربەرزان کەیل | مورشید میراو، سەرجوی بادەی لەیل
ئەنیس مەجلیس عەیش و نیشاتم | دەسگیر راگەی هات و نەهاتم
جلە و کیش زەوق ئاهووی رەویلم | رەزم ئارای مەجلیس کەمەن وەپیلم
وە مەرگت یە ند غەم ج لام بیەن جەم | لاو هوون گرتەن پای شەرم مەحکەم
زنجیر مەینەت پای گوریز بەستەن | مارەکەی دوریت ریشەی دل گەستن
سامان سام کەردەن دەردەکەی فیراق | بوی تالی دووریم مەیو نەمەزاق
جەو ساوە ئازیز لیم نادیارەن | سەیر کائینات نەدیدەم خارەن
ئاموشوی یا نەم، کەروەن دەیانە | یەکسانەن ج لام، قەوم و بیگانە
ئیلتجام بە تون، جای هانامانی | نە بە هیجران رەنو مامانی
یەکجار تەن خەستەی زارورەنجوریم | دل ریزە ریزەی کارد مەهجوریم
گرمەی کوورەی دەردکوی تاقەت‌تاوان | بوی سفتەی جەرگم وەگەردون یاوان
هەر رو جەیحونی مەریز و نەچەم | سارای دل بییەن وە هوناووچەم
هەر ساتی دەردی سزامە رو پیم | یەك نان زیندەگیم حەرام بیەن لیم
دەخیل تاهالا، تەن نەویەن وەگەرد | سفتەش نەبەردەن وە نالەکەی دەرد
رجاکەر (احمد) لوطفش بو چەنیم | خەجەلەتی بەرز (کریم) نەیو پیم
وەرنا ها مردم، توبای سلامەت | با هەر بمانو تا روی قیامەت

لە مەکتەبی بیارە و تەویلەدا نەك هەر مەولەوی بەلکو ناری و مەحوی و حەریق و

شاهو دەیان شاعیری گەورە وەکو بولبول دەیان خویند.

سید عبدالرحیم لە شیعردا نازناوی مەعدوم بوە بەلام کـاتی مـوریدەکـانی شـیخ لە ئەفغانستانۆ هاتوون بو تەویلە یەکی لەوان کچی خوی بە ناوی عەنبەر خاتون لە مەعدوم مارە دەکات ئیتر چوونکا لە ئەفغانستان و بلوچستان بە مەلا ئـەلین مـەولەوی عـەنبەر خاتونیش هەر بە ناوی مەولەوی بانگی لی دەکات ئیتر مەولەوی ئەم ناز ناوەی پی خوش دەبی و بەوە ناو بانگ دەر دەکات. مەولەوی لەگەل ئەوە پیاوی عیرفان و عیلم و ئەدەب بوە. پیاوی مال و خاو و خیزانیش بوە و عەنبەر خاتونی زور خوش ویستوە بە چەشنی کەپاش مردنی ئەو دلتەزینترین شیعری خـوی بـە نـاوی عـاشورا بـو هـەلبەستووە و لاواندویتەوە. لەم روژانەداکە شورشی ئیسلامی ئەفغانستان سەرکەوتوە پیم وایە یادی عەنبەر خاتوون دەکریتە پردی دوستی و برایەتی دوگەلی کورد و ئەفغان.

واتە ئەحمەد بەگی کوماسی بو خیزانی یەکجار بە سوزترەکە مەزمون و سەرەتای بەم چەشنەیە:

| | |
|---|---|
| گلکوی تازە لەیل .. گلکوی تازە لەیل | ئارویشم وە سەیر گلکوی تازەی لەیل |
| نـەپایەی مـەزار ئـەو لەیـل پـر مـەیل | نە دیدەم وار ئەسرینان چـوون سـەیل |
| شیم وە سەر نیش وە دلەی پر جـوش | ســەنگی مـەزارش گـرتم نـە ئـاغوش |

والخ ... کە ئەم شین گێڕیە پیم وایە چهل و چوار بەیتە...

دیارە مەولەوی و خالوی کوماسی هاو چەرخ بوون و پیکەوە شیعریان داناوە و بە هەلبەست نامەیان بو یەك ناردوە و هەلبەستەکانی ئەحمەد بەگ زوری کارکردوەتە سەر مەولەوی هەروا شیعری بیسارانی و سەیدی لە مەولەویداکەریگەر بوون و نامەو پەیامی شیخانی بیارەیش بو مەولەوی کە زیاتر بە چەشنی هونراوە بوون هەستی ئەویان بزواندوە.

عەلاقە و عیشقی مەولەوی بە مورشید و موردای خوی واتە شیخی سیراج‌الدین پاش وەفاتی ئەو زاتە بو شیخەکانی جیگاداری ئەو هەر وا بە تین و ئاگراوی بوە، بو وینە پاش

فەوتی ئەو، حەزرەتی شیخ بەهائەدین بوەتە قوتبی تەریقەت و لەو کاتەدا یەکی لە کورەکانی مەولەوی فەوتی کرد و شیخ بەهائەدین تەشریفی چو بو پرسە و سەرەخوشی ئەلین مەولەوی چوە پیشواز و بانگی کرد کە ئەی کاش هەر روژ کوریکی بمردایت تا شیخ بو پرسە بهاتایت. بەراستی ئەمە دەی سەلمینیت کە مەولەوی پیاویکی بە تەواو مانا روحانی و لە خوا ترس بوە، ئەمجار لە شیعرەکانیاکە ژیانی ئەو تا زەمانی حەزرەتی شیخی ضیاءالدین دریژەی بوە زور جار مەدحی باقی جیگا دارەکانی سیراج‌الدین کردوە.

بە پیك هاتنی ئەم کونگرە لە سەقزدا ئەوەیشمان وە یاد دیتەوە کە مەولەوی بە بونەی وجودی مەرحومی حاجی شیخ مصطفی نقشبندی و شیخ حەسەنی مەولاناوا دلی لای سەقز بوە بە تایبەت وەکودەزانین مەولەوی هەشتا سال پاش وەفاتی شیخ حەسەن لە دایك بوە چون وەفاتی شیخ حەسەن لە ١١٣٦ کوچی مانگی و لە دایك بوونی مەولەوی ١٢٢١ بوەکە وا بی یەکیان نەدیوە بەلام لە جیهانی روحانیت‌دا حەیات و مەمات نیە هەر بویەکاتی دەبینن مەولەوی شیعری بو شیخ حەسەن داناوە و لەگەلی بە زبانی شیعر دواوە.

سالانی زو هوزی جاف لە سنوری ئیران و عیراقدا کە ئەوکاتە ولاتی عوسمانی بو هات و چویان دەکرد و لە بەهار تاکو پائیز ئاژەل و مەر و پاتالی خویان دە هاورد بو کویستانەکانی چل چەمە و سەر شیوو خور خورەی سەقز جا، کچی مەولەوی یا زەرِ کچی ئەو ژنی یەکی لە بەگزادەکانی جاف بوەکە بنەمالەی ئەو بو هاوینە هەوار هاتونەتە خورخورە، مەولەوی شیعریکی داناوە بەم بونەو و بو شیخ حەسەن و ئامانەتی خوشەویستەکەی داوەتە دەستی ئەو زاتە گەورە.

بولبول گولشەن بی نام و نەنگی　　تەزەر و سەرسەر و باغچەی بی‌رەنگی
نوختەی ئینتهای دا ئیرە تەمام　　نەی دەس نەی چی تووتی دیاری جام
یانەی دل وە فەیز رای مەولانا وا　　تەواو تەرلان، لان مەولاناوا
پایەت بولەند بو، سایەت فراوان　　پەی پەی کەردەی دیدەم دیدە سیاوان

ئەم هەلبەستەی مەولەوی بریتیە لە ١٢ بەیت کە لیك دانەوەیان بو من بری موشکیلە و هەورامی زانی باشی ئەویت بەلام مەبەستی من لیرەدا پیوەندی دانی مەولەوی بە ناوچەی سەقزۆیە و حەقیشم هەیە ئەم پرسیارە بکەم کە ئیمە وەکو نزیکترین کەس بە مولاناوا تا ئیستا بو ناسینی شیخ حەسەن و نەشری بەرهەمەکانی چیمان کردوە؟ ئیمە هیچ ... تایفەی خوی کە ئەمرو کە سەدان مال دەبن و هەمویان بەو زاتەوە خر و شانازی دەکەن چیان کردوە؟ ئایا هەست بە مەسئولیەت ئەکەن؟

سید عبدالرحیم تاوەگوزی وە نەبیت هەر سوفی و شاعیر بو بیت بەلکو عالمیکی بە تەواو مەعنا بوە. ئەلین جاریکیان لە شاری سنە لەگەل چەند مەلای گەورە بوە و لە سەر مەسئەلەیکی عیلمی کەلام باس دەکەن. کاتی مەولەوی نەزەری خوی دەر بریوە یەکی لەو مەلایانە لی تورە بوە و وتویەتی ... توکارت بەمانە نەبی برو هەر ئامان لە رزانەی خووت بلی ... واتە تانەی لیی داوە کە تو شاعیریت و شیعری خوت بلی ... مەولەوی پاشان لە ماوەی سی روژدا عقیدەی خوی دائەنی و بەرگیکی دەنیری بو ئەو مەلا... کە چی ماموستاکاتی سەرنجی عەقیدەی مەولەوی داوە هیچی لی نەزانیوە و ماق و مرمابوو پاشان لای مەلاکانی تر لە عەقیدەکە تی ئەگات و نامەی لی بوردن لە مەولەوی دەنوسیت.

مەولەوی لە هەلبەستی خویدا لەو پەری ناسك خەیالیدا تابلوی جوان و رازاوەی خولقاندوە بە چەشنی کە بیستنی ئەو لەونە هەلبەستانە سەرنجی هەر ئینسانیك بو لای خوی رادەکیشیت وەکو:

هەرچی مەوینون، شیوەی توش‌پیشەن　　دل وە هەنیتەی حەسرەتدا کیشەن
هەر ماهی نەو بو حالم پەشیوەن　　هیلالەش شیوەی ئەبروی توی پیوەن

بەلام لەگەل ئەوەیشدا وا دیارە بە سەر شیعر و ئەدەبی فارسیشدا زال بوە و بە تایبەت هونراوەکانی حافزی شیرازی زورکاریان لی کردوەو زور جاریش ویستویەتی لاسای حافز بکاتەوە و لە تەعبیراتی شیعری نەو شاعیرە مەزنەی ئیرانی کەلك وەرگریت بو وینە

سەرنج بدەینە ئەم چوار بەیتەی حافز کە لە چوار غەزەلی جیا جیان.

١ـ بـی خـیالش مـباد مـنظر چشـم    زانکـه ایـن گـوشها جـای خـلوت اوست

٢ـ رواق مـنظر چشـم مـن آشیانه تست    کرم نما فـرود آ کـه خـانه خـانه تـوست

٣ـ مـردم دیـدهٔ مـا بـرخت نـاظر نـیست    دل سـرگشتهٔ مـا غـیر تـرا ذاکـر نـیست

٤ـ شاەنشینی چشم من تکیه‌گه خیال تـوست    جای دعاست، شاه من، بی تو مباد جای تو

ئیستا بە سەرنج دانی ئەو بەیتانە دەبینین تەعبیری مەولەوی کە بە بروای شیعرناسان لە هەستیکی یەکجار ناسك و خەیالاوی سەرچاوەی گرتوە.

بالاخانەی چەم دل دیوانـی تـوون    بـانە نـاو وەخـاك، ئـاستانی تـوون

تکەش عاجزکەر و خەیالت تیشدا    ئـازیز بـو جـاری پـا بینە پیشدا

لیرەدا شیعر زانان و شیعرناسان دەزانن کە مەولەوی بە تـەواوی، لە ژیـر دەسـەلاتی هەستی ناسکی حافزی مەزندا بوە چوون سەرنجی شاەنشین چشم من تکیه‌گـه خـیال توست و بالاخانەی چەم دل دیوانی توون ئەمە دەسەلمینیت ... ئەو جار هیچ کـەسیش ناتوانیت بلییت نەخەیروا نیە و مەولەوی کاری بە حافز نەداوە چوونکا لە دیوانی ئەودا بە ئاشکرا ناوی حافز و شیعرە بەرزەکانی براوە و مەولەوی ئەوی بە شیخ و موراد و پیاوی دینی زانیوە. جگە لە حافز جیگا و شوینی هەلبەستەکانی سەعدی و جامی و نیزامیش لە دیوانی مەعدومدا بە ئاشکرای ی دیارن. ئیستە لەکو کردنەوەی ئەم وتارە و ئەم باسەدا ئەتوانین بەم چەشنە بگەین بە ئاکام لە سید عبدالرحیمی تاوەگوزی .

١ـ زانایکی بلیمەت بوە لە علووم و زانستی ئیسلامیدا.

٢ـ ماموستایك بوە لە زانستی کەلام و لوغەت و فەننی عەروزو بەدیع و قافیەدا.

٣ـ سوفی و عارفیك بوە کە حەوت شاری عیشق گەراوە و خوی گەیاندوەتە لوتکەی کەژی قاف بودیتنی سیمورغ و لە ئاکاما بە باغی رازاوەی فنا فی الله گەیشتوە و هەمو ژیان و بەرهەمەکانی ژیانی فیدای ریگای عیرفان و خودا ناسین کردوە.

٤ـ شاعیریکی ناسك خەیال و هەستیاریکی دل سوتاو بـوە کـە شـیعر و هـەلبەستی

کردوه‌ته ئاوپرشکینی دلی پر له‌کولی خوی و هیچ‌کات شیعری نه‌فروشتووه و بو پاره و نان و میلاك تاریفی که‌سی نه‌داوه و به بالای کار بـه‌ده‌ستان و ده‌سـه‌لات داران و زور داراندا هه‌لی نه‌وته‌وکه‌رامه‌تی خوی له لای هیچ حاکم و ده‌سه‌لات‌داریك بو پـاره و نانیك نه‌هیناوه‌ته خوار و دونیای عیرفان و عیشقی بی‌سنور به خودای گه‌وره ئـه‌وی له ژیانی دونیائی و سه‌راوه‌کانی دور کردوه‌ته‌وه.

۵ـ ماموستا و شاعیریکی وه‌فادار به مه‌کته‌ب و دین و نیژادی خوی بوه و ئه‌مانه‌ی کردوه‌ته ئامیته‌یه‌ك و به‌کوردی ژیاوه و به‌کوردی مردوه و دیاره هه‌ر بـه کـوردیش ولامی قه‌بری داوه‌ته‌وه... بویه خوشه‌ویستی گه‌لیه‌تی و بو هه‌تا هه‌تایه ریزی لی ده‌گرن و به خویندنی فاتیحه و په‌ره‌پی‌دان به شیعر و هه‌لبه‌ست و مه‌کته‌بی ئینسان سازی ئه‌و زاته به مه‌کانی ریز و ئیحترام‌دا ده‌نین. ئیتر باسی خووم به‌گیرانه‌وه‌ی کورته مه‌به‌ستیك بو په‌ی بردن به مقامی به‌رزی ئیسنانیه‌تی ئه‌و ته‌واو ئه‌که‌م تا پله‌ی مروڤایه‌تی ئه‌و باشتر بناسین.

ماموستا مه‌لا عبدالکریم موده‌ریس، که ئه‌ویش هیچی له مه‌وله‌وی که‌م نیه و بگره یه‌کجار فراوانتر خزمه‌تی کردوه فه‌رمویه‌تی، جاریك مه‌وله‌وی له‌گه‌ل که‌سیك به عه‌زمی حه‌ج ری که‌وتوه‌کاتی ده‌گه‌نه به‌غدا له سه‌ر مه‌رقه‌د و ته‌کیه‌ی حه‌زره‌تی غوث‌الاعظم محی‌الدین عبدالقادری گیلانی قدس‌سره‌العزیز، مه‌وله‌وی نه‌خوش ده‌که‌ویت به چه‌شنی که له هوش چوه و ئیتر که‌س هیوای به‌و نابیت که ساخ بیته‌وه. به‌داخه‌وه هاوریکه‌ی وا ده‌زانی مه‌وله‌وی مردوه هه‌رچی پی بوه هه‌لی گرته‌وه گه‌راوه‌تو بو شـوینی بـنه مـاله‌ی مه‌وله‌وی و بانگی هه‌ل داوه که ئه‌و کووچی دوای‌ی کـردوه‌و بـنه‌ماله‌ی مـه‌وله‌ویش ده‌ی‌که‌ن به پرسه و شیوه‌ن به‌لام پـاش مـاوه‌یه‌ك ده‌بـینن مـه‌وله‌وی سـاخ و سـلامه‌ت ده‌گه‌ریته‌وه ئه‌بی کوره‌کانی ده‌ستیان داوه‌ته چه‌ك بو کابرای دروزن به‌لام مه‌وله‌وی به‌ری گرتوون و خوی به‌کابرای فه‌رمو بو... براگیان روی ئه‌جه‌ل ره‌ش بی که منی نه‌کوشت و تووی ئاوا خه‌جاله‌ت کرد کاش من بمردایتم و قسه‌ی تو راست بوایت با توو‌م به‌م چه‌شنه به شه‌رمه‌زاری نه‌دیبات... ئیتر هه‌ر بژین و سه‌رکه‌وتو بن.

سقز ـ هاوینی ۷۱